**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی بڕگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق) ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە(١٩) لە رۆژی(٢٠١٠/١٢/٢٢) بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٠ی

## پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

بەپێی حوکمی بڕگەی(١) لە ماددە(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٩)ی رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢٢ی دا ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم:** ئیقرار کردنی بودجەی تایبەت بەپشتگیری کردنی پارێزگاکان کە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە..

**دووەم:** ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووریی لەپەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چــوارەم:** ئـەم بڕیـارە لـەڕۆژی ئیقرارکردنیـەوە لـە ٢٠١٠/١٢/٢٢ کـاری پێــدەکرێ و لەڕۆژنامـــەی فـــەرمی (وەقـــایعی کوردســـتان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

**٣١/ کانوونی دووەم/ ٢٠١٠ی زایینی**

**١١/ڕێبەندان/٢٧١٠ی کوردی**

**٢٦/سەفەر/١٤٣١ی کۆچی**